www.kurdistannet.org
14-4-2003 23:30

# گوڵێك له‌ ده‌رگا ده‌دا

عومه‌ر که‌ریم به‌رزنجی

پێشکه‌شه‌ به‌و چاوجوانه‌ی له‌ نیگایدا په‌یامی خۆشه‌ویستی ده‌خوێنمه‌وه‌

-١-

له‌ ئامێزتا فێری جوانی په‌رستی بووم
له‌ نیگاتا گوڵی خه‌ون و دورگه‌ی حه‌زم
دۆزییه‌وه‌.
تۆ هاتی و له‌ دورگه‌ی فیراقدا
ئینجانه‌ شکاوه‌کانی خۆشبه‌ختیت
کۆکرده‌وه‌و تیایدا گوڵی ئومێدت ناشت.

-٢-

گوڵێك له‌ ده‌رگا ده‌دات
گوڵێك له‌و باخچه‌یه‌دا
حیکایه‌تی ئه‌و ئینجانه‌ شکاوانه‌
بۆ ئه‌و نه‌وره‌سانه‌ ده‌گێڕێته‌وه‌
ئه‌و نه‌وره‌سانه‌ی
به‌عیشقه‌وه‌“
ئامێز بۆ ئاسمان ئاوه‌ڵا ده‌که‌ن.

-٣-

ئه‌ی مانگ
خۆت له‌پشت ئه‌و هه‌ورانه‌وه‌
مه‌شاره‌وه‌
بۆن به‌خاکێکه‌وه‌ مه‌که‌
کانیه‌کانی پڕبێت له‌ ژه‌هری نامۆیی‌و
غوربه‌ت گێلاسه‌کانی زه‌رد هه‌ڵگه‌ڕاندبیٚ

-٤-

به‌نیگایه‌ك...
خه‌ونه‌ هه‌ڵوه‌ریوه‌کانم
ده‌ژێنیته‌وانیٚ ئه‌ی گوڵ
باخچه‌کان پڕده‌که‌یت
له‌ بۆنی عه‌تری خۆشبه‌ختی.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org